سەماحەتی حەکیم بەهۆی کۆچی دوایی شیخ نەواف ئەلسەباحی ئەمیری کوێت پرسەیەکی ئاراستە کرد

ئەمرۆ شەممە بەرواری 16-12-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی پرسەی خۆی ئاراستەی دەوڵەتی کوێت بە گەل و حکومەت کرد بەهۆی کۆچی دوای شێخ نەواف ئەلئەحمەد ئەمیری کوێت، سەماحەتی لە تویتێکدا گوتی " بەناوی خۆمان پرسەو سەرەخۆشی و دڵنەوایی ئاراستەی دەوڵەتی کوێتی دراوسێ و حکومەت و گەلەکەی دەکەم بەهۆی کۆچی دوایی ئەمیر شێخ نەواف ئەلئەحمەد ئەلجابر ئەلسەباح ، لە خوای گەورە دەپرسین تا خوالێخۆشبوو، لە رەحمەتی فراواتی خۆی بگرێت، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی ناوەندگیری ئەو لە مامەڵە کردن لەگەڵ دۆسێیە گرنگ و گەرمەکانی ناوچەکە و جیهان بەتایبەتی عەرەبی و ئیسلامی ئاماژەی پێدەکەم لە ڕوانگەی لێبوردەیی و دیدی بەرپرسانەی و هەڵوێستەکانی کە لە گرژی و هەڵچوون دوور بوون.

خودا کوێتی برامان و سەرجەم ولاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان لەهەموو ناخۆشیەك بپارێزێت و ل□ پێناو خێر و خۆشیدا گوتەمان یەکبخات.